

ھەلى دەرىكەوتنى پۇق مەزمۇنىدىكى

بۇچى دېمۈكراتىيە بۇ ھەممىنى ئەركىن پىكىر قىلىش ۋە ئۇنى ئوچۇق ئىپادىلەش ئۈچۈن مۇھىم؟

(Hate Speech)

bildungsstätte anne frank

پێڕست

ئایا هەموو شتێک تەنیا بڵاوکەرەوەکانی ڕق و تروڵەکانن؟ — لاپەڕەی 5

هاتنە دواوە یان بەرگری؟ — لاپەڕەی 7

لە کاتی ئاگرتێبەربوواندا دەبێت چی بکرێت؟ — لاپەڕەی 9

پرۆژەی ئێمە — لاپەڕەی 15

ئایا هەموو شتێک تەنیا بڵاوکەرەوەکانی ڕق و تروڵەکانن؟



تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەن. چ لە ڕێگەی تویتەر، فەیسبووک، تیک تاک یان ئینستاگرامەوە. ئێمە لە گەڵ بەکارهێنەرەکان لە هەموو شوێنێکی دنیاوە زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەین، وێنەگەلێک لە کاتەکانی پشوودانمان پیشان دەدەین یان پیشەکەمان دەناسێنین. ژیان بە بێ میدیا کۆمەڵایەتییەکان – بۆ زۆر کەس بە دژواری دێتە خەیاڵەوە.

ئەڵبەت بەداخەوە بەکارهێنانی نابەجێیش بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەیە. کاتێک باسی بڵاو کردنەوەی ڕق دێتە ئاراوە کە بەکارهێنەرەکان لە میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا سووکایەتییان پێدەکرێت یان هێرشیان دەکرێتە سەر – بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئەو کەسانە پەیوەست بن بە کەمینەیەکی کۆمەڵایەتییەوە.

کاتێک بێ ڕێزی سێکسی بە ژنان دەکرێت، کەسە ڕەش پێستەکان ناچارن کە بێ ڕێزیی ڕەگەزپەرستانە تەحەمول بکەن یان جوولەکەکان ڕووبەڕووی کاری بزوێنەری دژ بەجوولەکەکان دەبنەوە، ئەمانەش وەکوو بڵاو کردنەوەی ڕق دەناسرێت. «تروڵەکان» بڵاو کردنەوەی ڕق بەتایبەتی بۆ بزواندن دروست دەکەن، «بڵاوکەرەوەکانی ڕق» زیاتر تیشك دەخەنەسەر کەسانێک کە بە هۆکاری جیاوازەوە ئەوان ئازار دەدەن.

ئەگەرچی هاندەرەکان گرنگ نین: گرنگ ئەو کاریگەرییەیە کە ئەم وتانە لە سەر کەسەکان هەیانە و کاریگەرییەکانی لە سەر پێکهاتەی ژیانی ئێمە.

هاتنەدواوە یان بەرگری؟



هەبێت. رهنگە ئەم کارە ببێتە هۆی ڕەنجاندن و ئازاری دەروونی و ببێتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنەرەکان واز لە پانتای گشتی ئینتێرنێت بهێنن.

لە ئاستی کەسیدا بڵاوکردنەوەی ڕق دەبێتە هۆی زیان بینینی کەس: رهنگە ئەم کارە لە درێژخایەندا زیان بە کەس بگەیەنێت و بۆ نموونە ببێتە هۆی هەڕشەی پەنیک، دڵەڕاوکێ یان کێشەکانی خەوتن.
لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بڵاوکردنەوەی ڕق دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو گرووپانەی کە بە بێ ئەمەش لاوازن زیاتر واز لە پانتای گشتی بهێنن.

هەر بەم هۆیەوە بەرهنگاربوونەوەی بڵاوکردنەوەی ڕق ویستێکی گرنگە!

ئەمێستا دەمانەوێت نەک تەنیا پشتیوانیی بەکارهێنەرەکان لە ئێش دژ بە بڵاوکردنەوەی ڕق بین، بەڵکوو بە دوای ئەم ئامانجەدا بەرەفڕانەوەین کە پێکەوە، ڕق لە ئینتێرنێتدا لاواز بکەین!

لە کاتی ئاگرتێبەربوونداو دەبێت چی بکرێت؟



بوونەوەی بڵاوکردنەوەی ڕق بزانێت، دەتوانێت خۆی و کەسانی تر بپارێزێت.

1

ئێمە لە گەشت بە شێوەی فڕین بەم خاڵە ئاشنا بووین کە: سەرەتا خۆت بپارێزە، پاشان دەتوانیت یارمەتیی کەسانی تر بدەیت. بۆ نموونە دەیتا کەسییەکانی تۆ نابێت قەت هەموان بۆیان ببینرێت، هەروەها ئەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێیت و ئەو شوێنەی کە ئەمێستاکە لەوێدایت. ئامۆژگاریی‌کان لەم بوارەدا لەم مالپەڕەدا هەیە
www.kompass-social.media

2

بەشداری کردن گرنگە بەڵام رهنگە تووشی ماندوویی و دڵەڕاوکێت بکات. گرنگی بە تەندروستیت بدە – تەنانەت لە کاتێکدا کە تەنیا شتێک لە گەڵ کەسێکدا دەخوێنیتەوە. لە کاتی شیاودا بگەڕێوە دواوە. تەندروستی تۆ هەمیشە گرنگی یەکەمی هەیە.

3

تۆ تەنیا نیت! کەڵک لە یارمەتی و پێشنیارەکان وهربگرە! چ لە لای‌من ڕێکخراوەکانەوە بێت یان هاوڕێ و ناسیاوەکان. تۆ بە ئەزموونەکانتەوە هەرگیز تەنیا نیت! بەدوای وەرگرتنی ڕاوێژ لە کەسە زیان لێکەوتووەکانی ترەوە بە، ئەو تۆڕانەی کە هەن بەکاریان بهێنە.

4

و بەتایبەت بۆ نموونە هەروەها هەواڵە ساختەکان قەدەغە دەکەن. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو چەشنە بیروڕاگەلەدا، تۆ مافی ئەوەت هەیە و دەبێت ڕایبگەیەنیت. ئەڵبەت هەروەها سەنتەرەکانی ڕاگەیاندن وەکوو www.hassmelden.de بۆی هەیە کاریگەر و بەکەڵک بن.

5

ڕق بناسێنن! باشتر وایە بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا. بۆ ئەوەی بۆ کەسانی تریش ڕوون ببێتەوە کە ئەمە تووندوتیژییەکی زارەکییە و نەک تەنیا شتێکی بچووک و ناگرنگ.

6

بەدرۆ خستنەوە: هەواڵە ساختەکان (Fake News) بە پێی بنەما دەبێت وەدرۆ بخرێنەوە – تەنانەت ئەگەر لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەدا بێت کە بێدەنگ و ڕێواش پێکەوە ئەو هەواڵانە دەخوێنەوە. ڕا دەربڕینێک دەتوانێت ببێتە هۆی دەستپێکردنی باس و وتووێژ، ڕوانگەیەکی نوێ پێشکەش بکات و سەرنجی تاکەکان بۆ بابەتەکە ڕابکێشێت.

7

بەڵام: « بۆ ترۆڵ بابەت تەیار مەکەن!» هەندێک بەکارهێنەر هەن کە دەیانەوێت لە ئینتێرنێتدا وشیارانە پەرە بە ڕق بدەن و خەڵکی تر بڕەنجێنن و بیانبزوێنن. ئەگەر ئەوانە تێبگەن کە تۆ بەرانبەر بە ئەوان کارداندەوەت دەبێت، ئەمە بۆی هەیە ئەوان هانبدات و بیانبزوێنێت. تۆ دەتوانیت ئەم چەشنە ئەژمێرانە بلۆک بکەیت یان بێدەنگیان بکەیت.

بۆ ترۆڵ بابەت تەیار مەکەن!

8

بە هۆی بێڕێزی ، بزواندنی خەڵکی یان ڕاکێشان بۆ توندوتیژی. پۆلیس لە تەقریبەن هەموو وڵاتێکدا پاسەوانێکی ئۆنلاینە. هەروەها زۆرێک لە نووسینگەکانی داواکاریی گشتی ڕاگەیاندنی تاوان لە ڕێگای ئیمەیلەوە بەفەرمی دادەنێن. ئەڵبەت ئاگات لەمە بێت: لە کاتی تاوتوێکردنی یاساییدا، ئەو کەسەی کە دژ بە ئەو تاوان ڕاگەیەندراوە، هەروەها ئاگاداری هەندێک شت سەبارەت بە تۆ دەبێت.

9

هەمیشە سکرینشاتی بڕواپێکراو بگرن بۆ ئەوەی تۆڵەکە دەربخەن، ناتەبایی‌مکان ڕوون بکەنەوە یان لە کاتی ڕاگەیاندنی تاواندا، نیشانە و نزیکخەرەوەکان کۆ بکەنەوە.



پرۆژەی ئەم
—
توناکردنەوە دژ بە بڵاوکردنەوەی ڕق!

چەندین گرووپی ئیش کردن لە ئەڵمانیادا دژ بە ڕەگەزپەرستی و دژایەتی کردنی جوولەکە چالاکی دەکەن – ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کۆچەرەکان یان ئەنجومەنە چالاکەکانی تر لە ئاستی ناوچەییدا. ئەم ڕێکخراوانە لە بەر بڵاو کردنەوەی ڕق زۆربەی کاتەکان هەست بە ترسێکی زۆر دەکەن و خۆیان لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان لادەدەن. لەم پەیوەندییەدا گرنگە کە بەتایبەتی حاڵەتێکی ڕوون و ئاشکراتر بە ویستەکانتان بدەن.

ئەوان بە دروست کردنی تۆڕ و چالاکی هاوبەش دژ بە کردەوەی بزوێنەر دژ بە جوولەکەکان یان کردەوە ڕەگەزپەرستانەکان، چەخت دەکەنەوە سەر گرنگیی خۆیان لە ڕووی سیاسەتی کۆمەڵایەتی بۆ پێکەوە ژیانێکی ڕەنگاوڕەنگ و کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێز.

ئێمە دەمانەوێت گرووپە کردەوەییە چالاکەکان بە شێوەی ناوچەیی لە ئەڵمانیادا بۆ بەرەنگار بوونەوەی بڵاو کردنەوەی ڕق بەهێز بکەین. ئێمە هەندێک توانایی دژ بە ڕێژشەکان دروست دەکەین، هەندێک ستراتیجی بۆ بەدرۆخستنەوە و نکوولێی دادەڕێژین و بژاردەگەلێک بۆ هاوکاری لە سەر بنەمای ڕەخنەیزی پێشکەش دەکەین.

ئێمە بەشێوەیەکی تەبا لەگەڵ پێویستییەکانی ڕێکخراوەکان بە خولە فێرکارییەکان، شێوازەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی و بەرنامەگەلی ڕاوێژ، بۆ نموونە سەبارەت بە ڕەوتەکان، خزمەتگوزارییەکان، بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا، ئاسایش و شێوەکانی ڕاپۆرت، بابەتیان پێ ڕادەگەیەنین.

پەیوەندی

نەژاد زەرابیان

ئیمەیل nzarabian@bs-anne-frank.de
→ www.bs-anne-frank.de

Bildungsstätte Anne Frank –
Zentrum für politische Bildung
und Beratung Hessen
ئەنیستیتۆی فێرکاریی Anne Frank –
سەنتەری فێرکاریی سیاسی و ڕاوێژ
Hansaallee 150
60320 Frankfurt am Main

bildungsstaette.anne.frank
BS_AnneFrank
bsannefrank

Bundesamt
für Migration
und Flüchtlinge